# کاغەزی دیجیتاڵی شوێنی کاغەزی ئاسایی دەگرێتەوە

کاغەزی دیجیتاڵی ئەگەر بەشێوەیەکی بەرفرە و گشتگیر بێتە بەرهەم، ئیدی شۆڕشێکی گەورە لە جیهانی ڕاگەیاندندا دێتە پێش و ژینگە خاوێنتر و خوێندن و پەروەردە ئاسانکاری و گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت.

کاغەزی دیجیتاڵی بریتییە لە لاپەڕەیەکی ئەلکترۆنیی تەنك، هەندێك ئەستوورتر لە کاغەزی ئاسایی، بەڵام دەکرێت وەك کاغەزی ئاسایی شتی لەسەر بنووسرێت و هەزاران جار بسڕێتەوە، ئەوەی نووسیوتە لە خۆیدا خەزنی بکات و وەك دەفتەرێك هەمیشە لەگەڵتدا بێت.

لەم دواییەدا کۆمپانیای سۆنی جۆرێك لە کاغەزی دیجیتاڵی بەناوی Digital paper بەرهەم هێناوە کە لە 13 ئینج زیاترە کە بۆ خوێندن و پەروەردە و ڕاگەیاندن سوودی لێوەردەگیرێت. کێشی کاغەزە دیجیتاڵییەکە تەنیا 357 گرامە. قەڵەمی دیجیتاڵیشی لەگەڵدایە. لە تەبلێتێك دەچێت، بەڵام لەبەر ئەوەی یەك ڕەنگە وزەی زۆر لە خۆیدا ڕادەگرێت و شوێنی هەڵگرتنی داتاکانی 4 گیگابایتە، بە ئاسانی لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت و داتاکان بۆ سەر کۆمپیوتەر دەگوازرێنەوە.



# ئامێرێکی هاندەری منداڵان بۆ یاری لە دەرەوەیماڵەوە

بە داهاتنی تەکنەلۆژیای نوێ بەداخەوە ئەگەرچی سوودیشی هەیە زیانەکانیشی لە سوودەکانی کەمتر نین، بەتایبەتی بۆ منداڵان، چونکە یاریە ئەلکترۆنییەکان وەك پلەی ستەیشن و بوونی تەبلێت و لاپتۆپ وای کردووە منداڵان گۆشەگیر بن و کەمتر بچنە دەرەوە و یاری جەستەیی وەك تۆپێن و یارییە کوردەوارییەکان ئەنجام بدەن.

لەم دواییەدا ئامێرێك بۆ ئەم مەبەستە داندراوە بەناوی ibitz kid کە بەشێوەی وایەرلەیس بە ئایفۆن یان ئایپاد پەیوەند دەدرێت و ئەو هەنگاوانەی منداڵەکە ناونی و ئەو جموجۆڵانەی ئەنجامی داون دەکاتە یارییەکی ڤیدیۆیی. پاشان بەپێی ئەو هەنگاوانەی منداڵەکە هەڵیگرتوون لە جیهانی مەجازیدا خەڵاتی پێدەبەخشێت، ئەگەر بەپێی پێوانی ئامێرەکە خەڵاتی زۆری پێدرا دەکرێت دایك و باوکیش خەڵاتەکە بکەن بە واقیعی و یارمەتی و پاڵپشتی منداڵەکە بکەن لە جووڵەو چالاکیی جەستەیی. ئەم ئامێرە دەکرێت لە پێڵاو مۆبایلەکە بخرێت. ئەم تەکنەلۆژییە لە بەرامبەر ئاودا خۆراگرە و حەوت ڕەنگی هەیە.



# ئایپادەکەت بکە بە لاپتۆپ

ئایپـــاد واتە تەبلێتەکەی کۆمپانیای ئەپڵ ئەگەرچی رکابەری زۆری هەیە، بەڵام هێشـــتاش گرنگی خۆی لەدەســـت نەداوە، بەم دواییە کۆمپانیای InnoV ation کاوەرێکی تایبەتی بە ئایپاد چێکردووە کە بە Pi dock-It pro ناســـراوە، ئەم کاوەرە ئایپاد دەکاتە لاپتۆپێکی تەواو بە ستایلێکی سەرنج راکێشەوە.

کاوەرەکە کیبۆردێکی تایبەتیشـــی لەگەڵە، کیبۆردەکە هەم شـــەحن دەبێتـــەوەو هەم بەهۆی بلوتوسەوە بە ئایپادەکە پەیوەند دەدرێت. کاوەرەکە بۆ ئایپادی 3،2، 4 دەگونجێت.






# تەکنەلۆژیای K4 کامێرا بچووکەکانیش دەگرێتەوە

دوای تەکنەلۆژی HD کە بۆ نیشاندانی کواڵیتی بەرزیـــی فیلـــم و وێنـــە ســـوودی لێوەردەگیرێت، تەکنەلۆژییەکە پەرەی پێدرا بوو بە full HD و بەمەش نەوەستا تەکنەلۆژیای K2 و دواتریش K4یش سەریان هەڵدا. لـــە تەکنەلۆژیای K4دا فیلمەکان بە جۆرێك دەبیندرێن وەك ئەوەی کە لە پشـــت جامێکەوە یان لە ئاوێنەیەکەوە ســـەیری بکەی، یانـــی بە جۆرێك کە بینەر هەســـت پێدەکات دیمەنی ناو فیلمەکە لەلای خۆیەتی.

پاناســـۆنیك لەم دواییـــەدا کامێرایەکی بچووکی بەناوی HX-A500 بە کوالیتـــی K4ەوە بەرهەم هێنا. کامێراکە بچووکە و لە دوو بەش پێکدێت ئەو بەشەی کە لێنزەکەی لەســـەرە لەبەشی نیشـــاندانەکەی جیا دەبێتەوە بە کێبلێك پێکەوە بەستراونەتەوە. بەهۆی ئەو کامێرایەوە دەکرێت وێنە لە ناو ئاویش بگیرێت، چونکە هەتـــا 3 مەتر لەناو ئاودا وێنـــە دەگرێت. کامێراکە دەکرێت لە جل و بەرگ، کڵاو یان لەکاتی سەفەردا لـــە جانتا بخرێت، یـــان دەکرێت لەپێـــش ئۆتۆمبێل دابندرێت.

# گوگڵ و خزمەتگوزارییەکی گرنگ و داهێنانێکی نوێ

ئەم دەســـتەواژەیە بەســـە بۆ گرنگی کۆمپانیای گوگڵ کە دەڵێن "ئەگەر گوگل داخرا بەمانای داخرانی ئینتەرنێت دێت!" گوگڵ هەر رۆژە خزمەتگوزارییەکی نوێ بە ســـایتەکەیەوە زیاد دەکات، ئەوکەســـانەی کە لە گوگڵ کرۆم سوود وەردەگرن لە نوێترین ڤێرژنیدا دەتوانن سوود لەو خزمەتگوزارییە وەربگرن، Google now. بەهۆی ئەو خزمەتگوزارییەوە دەکرێت بە دەنگی خۆت فەرمانەکان جێبەجێ بکەی.

بەکارهێنەر دەتوانێت لە رێگای مایکی کۆمپیوتەرەکەیەوە، فەرمانەکانی پێویست بە دەنگی خۆی بنێرێت و تاکو خزمەتگوزارییەکانی گوگڵ لێکیبدەنەوەو مەبەســـتەکەت بۆ دەســـت نیشـــان بکەن. بۆ نموونە دەکرێت بپرسی کەشوهەوای ســـبەی چۆنە، یان لێی بپرسی رستۆرانت و هوتێلی دەوروبەری خۆت لە لیستێکدا بۆت ئامادە بکا و ئەمانەو زۆر پرسیاری تر.

# چێکردنی دوگمە بۆ کوژاندنەوەی کۆمپیوتەر لە ویندۆز٨دا




هەر وەك دەزانن بەرەو دوو ســـاڵ دەچێت کە ویندۆز8 بە فەرمی لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە خرایە بازاڕەوە، هەرچەنـــدە ڤێرژنی تاقیکارییەکـــەی زۆر لەومەبەریش کەوتبووە بازاڕەوە، ویندۆز8 لە بواری دیزاین و ســـتایلەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ گشت ویندۆزەکانی پێش خۆی هەیە، گەورەترین گۆڕانکاری ئەوەیە کە مینۆی START لەو ویندۆزەدا نەماوە، شـــوێنی فەرمانەکان گۆڕاون، بەتایبەتی فەرمانی کوژاندنەوە و ریســـت کردنـــەوەی کۆمپیوتەر، چونکە بۆ کوژاندنەوەی کۆمپیوتـــەر دەبێت چەند کلیکێك دابگری تا دەگەیە شوێنی مەبەست. بەڵام ئێمە لێرەدا بۆتان باس دەکەین چۆن دوگمەیەك چێ بکەین بۆ کوژاندنەوەی کۆمپیوتەر کە تەنیا بە کلیکێك بکوژێتەوە. بۆ ئەم مەبەســـتە ســـەرەتا لە بەشی دیسکتۆپدا راست کلیك بکەن پاشـــان لەو شریتەی دەکرێتەوە فەرمانی shortcut هەڵبژێرن، دواتر لەو ویندۆیەی کە دەکرێتەوە و لەو بەشـــەی داندراوە بۆ نووسین ئەم دەستەواژەیە دەنووسن shutdown /s /t 0 دواتر، فەرمانی next لێدەدەن و دوای ئەوە ناوێك بۆ شۆرتکەتەکەت دیاری دەکەی وەك shutdown یان بە کوردی کوژاندنەوە دەنووســـن. دوای ئەوە هەرکاتێك کە کلیك لەســـەر ئەو شۆرتکەتە بکەن کە لەسەر شاشەکەیە کۆمپیوتەر دەکوژێتەوە.

دەتوانرێت ئایکۆنێکیش بۆ (icon) دوگمەکەتان چێ بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش کلیکی لای راست لەسەر شۆرتکەتەی کە دروستتان کردووە، بکەن و فەرمانی properties لێبدەن، دواتر لەم بەشەیدا کە نووسراوە icon کلیك بکەن و یەکێك لە هێماکان بۆ ئایکۆن هەڵبژێرن.




# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت بەرە بەرە لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ نزیك دەبینەوە، ئایا چۆن دەکرێت باسەکەم (بحث) کە بەشێوەی word دەنووسرێت بە ئاسانی بیکەم بە فایلێکی powerpoint تاکو بەشێوەی سلاید و بە داتاشۆ نیشانی بدەم؟

خوێنەری ئازیز دوای نووسینەی بابەتەکەت بچۆ سەر بەشی file و دواتر بەشی options بدۆزەوە، لەبەشی لای چەپ Quick access toolbar هەڵبژێرە. ئێستا لەبەشی choose commands form فەرمانی commands not in the ribbon هەڵبژێرە. پاشان لە لیستی خوارەوە فەرمانی send to Microsoft powerpoint هەڵبژێرە دوگمەی Add دابگرە تاکو ئەم فەرمانە لەســـەرەوە لە شـــریتەکەدا نیشـــان بدرێ. ئێســـتاکە ئایکۆنی send to Microsoft powerpoint لە شـــریتەکە دا دەبیندرێت، بە داگرتنی ئەو فەرمانە راســـتەوخۆ فایلە wordیەکەت دەچێتە پرۆگرامی پاوەر پۆینت و لەوێ سلایدەکان دابنێ.




## پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی فۆرماتی دیڤیدی




پرۆگرامگەلێك هەن كە ئەركیان گۆڕینی و دەستكاری كردن و مۆنتاژكردنی فیلم، هەروەها ڕێپێر كردنە بۆ سەر DVD. یەكێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی Winx DVD ripper platinumە كە پرۆگرامێكی زۆر بەهێزە بۆ گۆڕانكاری لە فۆرماتی DVDدا بە جۆرێك كە لەسەر گشت سیستەمێكی دەنگی و وێنەیی بخوێندرێنەوە. ئەم پرۆگرامە خێراییەكی زۆری هەیە لە كاتی گۆڕینی فۆرماتەكە و خستنە سەر DVD. هەروەها بەكارهێنانی زۆر ئاسانە. ئەم پرۆگرامە دەتوانێت زۆربەی ئامانج و مەبەستەكانی بەكارهێنەر لە بواری ڕێپێر كردنی فیلم بۆ سەر DVD دێنێتە دی. هەروەها بە ئاسانی دەتوانێت ژێر نووسی فیلمەكان دەربهێنی و بە زمانێكی دیكە بیان گۆڕی و لەگەڵ زۆربەی سیستەمەكانی ویندۆز دەگونجێت.



## لەم سایتەدا بەبێ سنوور کورتەپەیام بنێرە

زۆر سایت هەن كە ئەركیان خزمەتگوزاری ناردنی كورتەپەیامە، بەڵام زۆربەیان یان ژمارەی ناردنەكان سنووردارن یان دەبێت لە بەرامبەردا پارەیەك بدەی و واتە بە خۆڕایی نین، كەچی سایتیwww.sendmassage.com ئەم سایتەیە دەكرێت بەبێ سنوور كورتەپەیام بنێری، ناردنی كورتەپەیامەكان بە خۆڕایین، كاتێك سایتەكەت كردەوە لە بەشێكدا نووسراوە free sms ئەو بەشە بكەوە، لەودا بۆكسێك دەكرێتەوە كە دەبێت ژمارەی ئەو مۆبایلەی كە نیازتە كورتەپەیامی بۆ بنێری بنووسی، دیارە بەر لەناوەكە دەبێت ناوی وڵاتەكە كە هەر لە گۆشەی لای چەپی بۆكسەكەیە بدۆزیەوە، ئەوكات پێویست ناكات كۆدی وڵاتەكە بنووسی، دواتر لە بۆكسی خوارەوە كورتە پەیامەكە بنووسە، دواتر دوگمەی send لێبدە و لە ماوەی كەمتر لە 6 چركەدا كورتەپەیامەكەت دەنێری، بەڵام بە ژمارەی مۆبایلی خۆت نییە بگرە هەرجارە و ژمارەیەكە كە سەرەتاكەی كۆدی ئەمەریكایە.